# نادر کەریمۆڤیچ نادیرۆڤ

## کوردێکی خۆڕاگر و کۆڵنەدەر

## زانایەکی بەناوبانگ لە ئاستی جیهاندا

کامران ئەمین‌ئاوە



نەمر نادر کەریمۆڤیچ نادیرۆڤ(١٩٣٧-٢٠٢١) کوردی دانیشتووی کازاخستان، زانای پایەبەرز لە بواری پەترۆکیمیا و بەرهەمە نەوتییەکان، کەسێکی ناسراو نەک لە ئاستی یەکیەتی سۆڤیەتی پێشوو بەڵکوو لە ئاستی جیهاندا بوو. لە کازاخستان وەکو باوکی زانستی نەوتی کازاخستان و لۆمۆنۆسۆفی کازاخستان" پێناسە کراوە کە بە پێی کار و چالاکییە زانستی و سیاسییەکانی دەورێکی بەرچاوی لە ڕەوتی پێشکەوتن و گەشەسەندنی ئاستی زانستیی، کۆمەڵایەتی گەلانی کازاخستاندا گێراوە. نادر نادیرۆڤ وەکو نوێنەری زانایانی سۆڤیەتی پێشوو و کازاخستان بەشداری زۆربەی کۆبوونەوە نێونەتەوەییەکان لە ئەمریکا، کانادا، فەڕەنسا، مێکزیک، بریتانیا، ئاڵمان، سوید و سویس، یۆنان، پۆلەند، ڕۆمانیا و زۆرێک وڵاتی دیکەی جیهان بووە.

نادر کەریمۆڤیچ نادیرۆڤ لە ٦ی ژانویەی ساڵی ١٩٣٢ لە بنەماڵەیەکی جووتیاری کورد لە گوندی کیکاچی سەر بە ناوچەی نەخچەوانی ئازەربایجانی یەکیەتی سۆڤیەت لە دایکبوو. باوکی نادر لە ساڵی ١٩٣٦ بە هۆی بارودۆخی سەختی ژیان کۆچی دوایی کرد. لە ساڵی ١٩٣٧ بنەماڵەی نادیرۆڤ وەکو بەشێکی بەرچاو لە کوردەکانی ئەوپەڕی قەفقاز کە لەسەر سنووری تورکیا و ئێران نیشتەجێ بوون بە بیانووی ئەگەری هاوکاری لەگەڵ وڵاتە موسڵمانەکانی دراوسێی یەکیەتی سۆڤیەت لە کاتی شەڕدا، بە زۆر بۆ کازاخستان دوور خرانەوە. بەم پێیە نادر لە تەمەنی ٥ ساڵیدا لە نێو ڕیزی کۆچەرە تایبەتەکانی 'ساری سوو' و پاشان ناوچەی تالاس سەر بە پارێزگای جامبولی کۆماری کازاخستان جێگیر کرا. پاش تێپەڕبوونی ٦ مانگ لە دوورخرانەوەیان بۆ کازاخستان، برا ٢٦ ساڵەکەی نادر، عەبدوڵلا بە تاوانی 'دوژمنی گەل' گوللەباران کرا و دایکی ئەو، کارا سادو بە ٨ منداڵەوە تەنیا مایەوە. ئەوانەی لە زێدی خۆیان دوور خرابوونەوە خاوەنی هیچ مافێک نەبوون و بە تەواویی لە ژێرچاوەدێریی هێزی ئاسایشدا بوون. بەم چەشنە ڕووداوەکانی سەرەتای ژیانی نادر نادیرۆڤ بەڵێنی چارەنووسێکی خۆشی پێنەدەدا و کەس لەسەر ئەو باوەڕە نەبوو ڕۆژێک نادر ڕۆڵەیەکی بێ مافی کورد، دوور لە زێد و نیشتمانی مێژوویی خۆی ببێتە یەکێک لە پایەبەرزترین زانایانی جیهان و سیاسەتوانانی یەکیەتی سۆڤیەت.

نادر نادیرۆڤ دوای تەواوکردنی پۆلی ٧ ی خوێندنی زۆرەملیی لە یەکیەتی سۆڤیەت، وازی لە خوێندن نەهێنا و وێڕای چەرمەسەری و لەمپەری جۆراوجۆر، ڕێگایەکی دوور و درێژ و پڕ لە هەوارز و نشێوی بە سەرکەوتوویی بڕی و چارەنووسی خۆی خستە ئاسۆیەکی دیکەوە و بوو بە مایەی شانازیی گەلی کورد لە تەواوی جیهان و خەڵکی کۆماری کازاخستان، وەکو دووهەمین نیشتمانی خۆی.


نادر لەساڵی ١٩٤٨ قۆناخی ئامادەیی ١٠ پولیی لە گوندی ئێرنازار بە سەرکەوتوویی تەواوکرد. هەوڵەکانی بۆ هەڵبژێردران بۆ زانکۆ بە هۆی نەبوونی 'مافی بە جێ هێشتنی شوێنی نیشتەجێبوونی' ئاکامێکی ئەرێنی لێ نەکەوتەوە، بەڵام حەزی فێربوون هێندە بە هێزبوو کە بە بوێرییەکی حاشالێنەکراو نامەی بۆ باوکی گەلان! "ستالین" نووسی و داوای لێکرد ئیزنی بدەن تا بۆ دەرس خوێندن "شوێنی نیشتەجێبوونی تایبەت" بە جێ بهێڵێ. لێرەدا شتێکی چاوەڕواننەکراو و سەیر ڕوویدا، پاش چەند مانگێک وڵامی نامەکەی هاتەوە: دەتوانی لە زانستگایەکی پەراوێزیدا درێژە بە خوێندنت بدەی، تەنیا لە شارەکانی سەربە پارێزگاکەت. ئەو و زۆر لە کوردانی دوورخراوە لە زێدەکەیان بەم ئاواتە و باوەڕە بوون ڕۆژێک دێ کە بتوانن لە پایتەخت و شارەگەورەکانی سۆڤیەتی دەرس بخوێنین، بۆ هەر کوێ پێیان خۆش بێ سەفەر بکەن و ڕێگای سەرکەوتن و گەیشتن بە ئاواتەکانیان ببڕن'.

ڕاستییەکانی سەردەمی تێرۆر و سەرکوتی 'ستالینی' تەنیا دوای ڕووخانی یەکیەتی سۆڤیەت و سەربەخۆبوونی

کۆمـاری کازاخسـتان لـە سـاڵی ١٩٩١ ئاشـکرابوون، کاتێـک دوای ٦٠ سـاڵ بـۆ بنەماڵـەی نادیـرۆڤ دەرکـەوت، کورەگـەورەی بنەماڵەکەیـان عەبدوڵـڵا نادرئوغڵـی، لـە دایکبـووی سـاڵی ١٩١١ بـە بڕیـاری ترۆیکای ناوچـەی باشـووری کازاخسـتان لـە ٣٠ی سـپتامبری سـاڵی ١٩٣٨ بـە تاوانـی 'دوژمنـی گـەل' گولـلەباران کـراوە. تەنیـا لـە سـاڵی ١٩٩٧ بـوو کـە داواکاری گشـتیی کۆمـاری کازاخسـتان بـە پێـی مـادەی ٢ی یاسـای کۆمـاری کازاخسـتان 'سـەبارەت بـە گەڕاندنـەوەی ئابڕووی قوربانییە سـەرکوتکراوە سیاسـییەکانی بـە کۆمـەڵ' بەڵگەنامـەی بێتاوانبوونـی بـراکـەیانی پێشکەشـی بنـەمـاڵـەی نـادیـرۆڤ کـرد. نەمـر نـادر نادیرۆڤ سـاڵێک پـاش تەواوکردنی قۆناخـی ئامادەیـی، لـە سـاڵی ١٩٤٩ بە هۆی ئیـرادە، پێداگریـی و کۆڵنەدانـەوە توانـی زۆربـەی ئاسـتەنگەکانی سـەر ڕێـگا تێپەڕێنێ و بـە سـەرکەوتوویی لـە تاقیکارییەکانـی وەرگیـران لـە زانسـتگا دەرچێ. نـادر یەکێک لـە یەکەمیـن کوردەکانـی کوچـدراوی زۆرەملیـی بـۆ کازاخسـتان بـوو کـە توانـی لـە ٢٩ی ئاگوسـتی ئـەو سـاڵەدا نـاوی لـە زانکـۆی فێرکاریـی دەوڵەتیـی بـە نـاوی ن. و. گـۆگۆلی قیزیـل ئـوردا بنووسـێ و ببێتـە خوێنـدکاری بەشـی زانسـتە سروشـتییەکان. نـادر هـەر ئەو شـەوە لە خۆشـیان شـیعرێکی بـە نـاوی 'هەوڵەکانـی مـن — زانکـۆ' نووسـی و بەیانییەکـەی نـاردی بـۆ ڕۆژنامـەی 'ڕێگای لێنیـن'. ئـەو شـیعرە ڕۆژی دوایـی لـە ١ی سـپتامبری ١٩٤٩ بڵاوکراوە. نووسـینی شیعر بـە زمانـی کازاخی لە لایـەن لاوێکی کوردەوە زۆر زوو سـەرنجی نەسـرەدین سـێرالیف خوێنـدکاری کورسـی ٣ و نوێنـەری شـوورای شـاعیرانی لاو (پاشـان نووسـەری بـە ناوبانگی سـۆڤیەتی)، تۆکماگامبێـت عەسـکەر زانـا و نووسـەری وێـژەی سـۆڤیەتی کازاخسـتان، و پرۆفیسـۆری زماناس سـمێت کێنیسـبایۆفی بـەرەو خـۆی ڕاکێشـا. بێجگـە لـەوە نـادر لـە سـاڵی سـێی زانسـتگادا کۆتایـی بـە ژیانـی شـیعر و شـاعیری خـۆی هێنـا و دەسـتی بـە نـووسینی بـابـەتی سەرنجراکێش لـە بـواری نـاستی کیمیا کـرد. لەسـەردەمی سـتالیندا دەبـوو خوێنـدکار پـاش تەواوکردنـی زانسـتگا بـە پێی یاسـا، بە ناچـار لە شـوێنێکی دیاریکراودا دەسـت بەکار بـکات. نـادر لـە سـاڵی ١٩٥٣ بـۆ مـاوەی ٣ سـاڵ وەکـو مامۆسـتای کیمیـا — بیولۆژی لە قوتابخانـەی ئامادەیـی گونـدی 'چـولاک تای' کاری کـرد و هـاوکات درێـژەی بە نووسـینی بابەتـی زانسـتی دا. یەکـەم بەرهەمەکانـی لـە مۆسـکۆ (خێـزان و قوتانخانـە. سـاڵی ١٩٥٥، ژمـارەی ٢، لاپەرەکانـی ١١ — ١٢؛ کیمیـا لە قوتابخانـە، سـاڵی ١٩٥٧ ژمـارەی ١ و ٦) و لە ئاڵما ئاتا (مامۆسـتای گەلیـی. ١٩٥٨، ژمارەی ٨؛ بـۆ یارمەتـی مامۆسـتا ١٩٥٨ ژمارەی ١١؛ مامۆسـتای کازاخسـتان) چاپ و بڵاو بوونەوە. ئـەم کارە و بەرهەمـە زانسـتییەکانی دیکـەی نادیـرۆڤ ڕێـگا و ئاسـۆی کاری زانسـتیی بۆکـردەوە و لە داهاتـوودا یارمەتیدەری بواری جۆراوجـۆر بـوون، وەکـو تۆمارکردنـی نـاوی خـۆی بـۆ درێژەپێدانـی خوێندنـی بـالا لـە زانسـتگا. وێـرای ئـەوەش، پێوانی ئـەم ڕێگایە بـۆ کەسـێکی دوورخـراوە لـە زێـدی خـۆی و دانیشتوویەکی نارەسـەنی کازاخستان کارێکی سـاکار و بـێ لەمپـەر نەبـوو. لەسـەرەتادا هەوڵەکانـی ئـەو بـۆ درێژەپێدانـی خوێنـدن بێئـاکام مانـەوە و بەڵگە و داواکـارییەکانی لـە شـاری ئاڵمائاتـا و فرۆنـزە ڕەتکرانـەوە. نـادر بـە ناچـار ڕووی لـە پایتەختی یەکیەتی سـۆڤیەت کرد، بـەڵام لەوێش بە هـۆی نەبوونی' مافی چوونـەدەرەوە لە شـوێنی نیشـتەجێبوونی تایبەت' ڕێگەی درێژەپێدانی خوێندنی بـالای پێنەدرا. هەر لەو سـاڵانەدا گۆڕانکارییەکی چارەنوس‌ساز لە یەکیەتـی سـۆڤیەت ڕووی دا. نیکیتا خرۆشـێف سـکرتێری کۆمیتەی ناوەندیی حیزبی کۆمۆنیسـتی یەکیەتی سـۆڤیەت لە یەکێـک لـە وتارەکانیدا پێشـنیاری کـرد کۆتایی بـە یاسـای نێـوزراوی 'نیشـەجێبوونی تایبەت' لـە پلەی یەکەم

بۆ مامۆستایان بهێندرێت و، ئەوە ڕێگای چالاکیی زانستی و کاری بۆ نادیرۆڤ و کورد و نەتەوە دوورخراوەکانی ئەوپەڕی قەفقاز بۆ کازاخستان و شوێنەکانی دیکەی یەکیەتی سۆڤیەتی، کردەوە. نادر نادیرۆڤ خێرا پاسپۆرتەکەی گۆڕی و لەو مۆرە سووکایەتیهێنەرە ڕزگاری بوو، چووە مۆسکۆ و بە دوای دەرچوون لە پێشبڕکێیەکی دژوار بۆ چوونە زانستگا، لە ساڵانی ١٩٥٦ تا ١٩٥٩ بوو بە خوێندکاری ماستەر لە دیپارتمانی کیمیای ئەنستیتووی فێرکاریی دەوڵەتیی مۆسکۆ بەناوی و. ئی. لینین. نادیرۆڤ یەکێک لە یەکەمین کیمیاناسەکان بوو کە لە ڕیزی زانایانی گەورەی سۆڤیەتی بەرگریی لە بروانامەی خۆی لە مۆسکۆ کرد و دەیان بابەت و کتێبی لەم بوارەدا چاپ و بڵاو کردنەوە. نادر لە ساڵی ١٩٥٩ بەرگریی لە بروانامەی بەربژاریی لە زانستی فێرکاریی لە سەر بابەتی شێوازی لێکۆڵینەوەی کاردانەوە خێرای کیمیایی و هاوسەنگیی کیمیایی لە کورسی کیمیای قۆناخی ئامادەیی دەبیرستان لە شاری مۆسکۆ کرد. نادر لە نێوان ساڵانی ١٩٥٩ تا ١٩٦٨ سەرۆکی دیپارتمانی کیمیای ئەنستیتووی دەوڵەتیی فێرکاریی خابارۆفسکی بوو. لە ساڵی ١٩٦٧ بەرگریی کرد لە بروانامەی دوکتوری زانستیی کیمیا لەسەر بابەتی 'توێژینەوەی کێشەی سروشتیی لە سیبیریی و ڕۆژهەڵاتی دوور و تێکەڵە کاتالیزۆرەکان (تاودەرەکان) بۆ پاڵاوتن و هایدرۆژێناندنی ڕۆنی سۆیا'. لە ساڵانی ١٩٦٨ تا ١٩٧٥ جێگیری سەرۆکی کاری زانستیی و سەرۆکی دیپارتمانی تێکنۆلۆژیی کیمیایی بۆ ڕەوتی پاڵاوتنی بەرهەمە نەوتی و گازییەکانی ئەنستیتووی تەکنۆلۆژیای کیمیایی کازاخستان بوو، کە بۆ یەکەمجار لە لایەن ئەوەوە لەم کۆمارەدا ڕێکخرا. لە ساڵی ١٩٧٠ نازناوی زانستیی پرۆفیسۆری دیپارتمانی تەکنۆلۆژیای کیمیایی و بەرهەمە نەوت و گازییەکان بە نادر نادیرۆڤ بەخشرا. نادر نادیرۆڤ لە نێوان ساڵانی ١٩٧٥ هەتا کاتی کۆچی دوایی لە ساڵی ٢٠٢١، خاوەنی زۆرێک پلە و پایەی بەرزی زانستی و دەوڵەتی لە کۆماری کازاخستان بوو، وەک: بەڕێوەبەری ئەنستیتووی کیمیای نەوت و خوێی سروشتی ئاکادێمیای زانستی کۆماری کازاخستانی یەکیەتی سۆڤیەت، نوێنەری ئەنجومەنی شاریی نوێنەرانی خەڵک، ئەندامی ئەنجومەنی زانستیی پەترۆکیمیای ئاکادێمیای زانستیی یەکیەتی سۆڤیەت، بەڕێوەبەری باڵای زانستیی، مامۆستای زانستیی پلەبەرز و ئەندامی لیژنەی سەرۆکایەتی ئاکادێمیای زانستیی کۆماری کازاخستان لە ئالماتا، ئەندامی دەستەی نووسەران، جێگیری سەرنووسەری گۆڤاری 'هەواڵنامەی ئاکادێمیای زانستیی کازاخستانی یەکیەتی سۆڤیەت'، ئەندامی دەستەی نووسەرانی گۆڤاری بەناوبانگی 'ئیزوێستیای ئاکادێمیایی زانستیی یەکیەتی سۆڤیەت، زنجیرەی کیمیایی'، بەرپرسی لقی کازاخستانی ئەنستیتووی زانستیی – توێژینەوەی سەرتاسەریی سۆڤیەتی نەوت بە ناوی ئاکادێمیک ئا. پ. کریلۆف (لە شاری مۆسکۆ)، یەکێک لە دامەزرێنەرانی ئاکادێمیای ئەندازیاریی کۆماری کازاخستان، سەرۆکی گرووپی بەڕێوەبەریی کۆمیسیۆنی باڵای زانستی – تێکنیکی سەر بە حکومەتی کۆماری کازاخستان، ئەندامی ڕاستەقینەی ئاکادێمیای نێونەتەوەیی بنیاتنانەوەی ژینگە و ئاکادێمیای زانستە سروشتیەکانی ڕووسیە، ئەندامی ڕاستەقینەی ئاکادێمیای پزیشکیی پێشگیریی لە کۆماری کازاخستان، ئەندامی ئەنجومەنی گەلی کازاخستان، سەرنووسەری گۆڤاری زانستیی و تێکنیکی 'نەوت و گاز'، سەرۆکی کۆمەڵەی 'بەربانگ'ی کوردەکانی کۆماری کازاخستان، ئەندامی وەزارەتی ڕۆشنبیریی کۆماری کازاخستان بۆ پەرەپێدانی زمانەکان، ئەندامی وەزارەتی

پەروەردە و زانستی کۆماری کازاخستان بۆ پێدانی خەڵاتی کۆماری کازاخستان بە ناوی ئی. ئالتیسارینا، چ.والیخانۆف د.ئا. کۆنایڤا و ک. ئی. ساتپایف. راوێژکاری سەرۆک کۆماری کازاخستان و دەیان نازناو و پلە و پایەی دیکە ...
نادر نادیرۆڤ خاوەنی دەیان میداڵیا و خەڵاتی دەوڵەتی و زانستیی ناوخۆیی و جیهانی و نازناوی فەخریی بوو، لەوانە:
١٩٨١ نیشانی ئاڵای سووری کار
١٩٩٩ نیشانی شەرەف
٢٠٠٦ نیشانی دۆستیی
٢٠١١ نیشانی جوانمێریی
میدالیا نازناوی فەخری و خەڵاتەکان:
١٩٧٠ میدالیا 'بۆ کاری بوێرانە لە یادی ١٠٠مین ساڵەی لە دایکبوونی و. ئی. لێنین'
١٩٨٠ میدالیای '٦٠ ساڵەی کۆماری سۆسیالیستی کازاخستانی سۆڤیەت'
١٩٨٢ میدالیای 'بۆ سەرکەوتن لە پەرەپێدانی ئابووریی نەتەوەیی یەکیەتی سۆڤیەت' ١
١٩٩٩ میدالیای 'سەدە مین ساڵی پیشەسازیی نەوتی کازاخستان'
٢٠٠١ 'ئەندازیاری ناوداری سەدەی بیستەم' [نازناوی فەخریی لە لایەن ئاکادێمیای نێونەتەوەیی ئەندازیاریی شاری مۆسکۆی پێ درا]
٢٠٠١ میدالیای ١٠ ساڵ سەربەخۆیی کازاخستان
٢٠٠٣ نیشانی رێزلێنانی«AGA» 'بۆ سەرکەوتن لە پەرەپێدانی پیشەسازیی"، فەرەنسا
٢٠٠٣ 'میدالیای زێری SPI ' (کۆمەڵەی نێونەتەوەیی هاوکاریی پێشەسازیی) فەرەنسا
٢٠٠٤ نازناوی"مارشاڵی زانست" لەگەڵ میدالیای ناپلیۆن ( SPI ، فەرەنسا)
و ...
نادر نادیرۆڤ نووسەری پتر لە ١٢٠٠ گوتاری زانستی، ٣١ مۆنۆگرافی، و ١٠ کتێبی وانە گوتنەوە، هەروەها خاوەنی ٨ دۆزینەوەی زانستیی و ٢٥٠ مافی داهێنراوی تۆمارکراو و بڕوانامەی خاوەنمافیی بۆ داهێنانەکان بوو.
بەشێک لە زنجیرە مۆنۆگرافییەکانی نادر نادتروڤ بریتین لە:
هاوسەنگیی کیمیایی و بنەماکانی تێکەلبوونیان – ١٩٩٦
تۆکۆفیرۆلەکان و بەکارهێنانی لە پزیشکی و کشتوکاڵدا-١٩٩١
تێنگیز – دەریایەک لەنەوت و دەریایەک لە کێشە – ٢٠٠٣
نەوتی تازەی کازاخستان و بەکارهێنانیان (٨ کتێب، ١٩٧٩ تا ١٩٨٧)
تەختەبەردەکانی پترۆبیتۆمینۆس (٥ کتێب، ١٩٨٢ تا ١٩٨٨)، ئەو بەرهەمە لە کازاخستان و کانادا بە زمانی ئینگلیزی بڵاو بۆتەوە.
نەوت بە خەستیی باڵاوە و قیرە سروشتەکان (٥ کتێب، ٢٠٠١)
نەوت و گازی کازاخستان(مۆنۆگرافی لە ٢ بەرگدا، ١٩٦٦) بۆ یەکەمجار لەو مۆنۆگرافییەدا مێژوو و دۆخی پیشەسازیی نەوت و گاز بە تەواوەتی شیکراوەتەوە.
لە ساڵی ٢٠٠٣ لە ئالماتا مۆنۆگرافی سیاسی کۆمەڵایەتی ئاکادێمیک ن. ک. نادیرۆڤ 'ئێمە کوردانی کازاخستان'(ئالماتا ٢٠٠٣، ل ٥٥٦) بە بۆنەی٦٠ ەمین ساڵوەگەڕی ڕاگواستنی زۆرەملێی کوردانی ئەوپەڕی قەفقاز بۆ کازاخستان لە نێوان ساڵانی ١٩٣٧ تا ١٩٣٨ و ١٩٤٤؛ و لە ساڵی ٢٠٠٨ دا کتێبی نادیرۆڤ بەناوی 'جیاوازیی کات یان وەرچەرخانی مێژوو: تاقیکاریی لێهاتوویی'



Надиров Н.К. Мы, курды-казахстанцы. - Алматы, 2003. – 556 с., фото.
Надиров Н.К. Разница во времени. – Алматы, 2008. – 692 с.

(لە ٦٩٢ لاپەڕدا) چاپ و بڵاوکرایەوە.

نادر کەریمۆڤیج نادیرۆڤ لە ساڵی ١٩٦٦ تا ٢٠٠٣ سەرۆکی کۆمەڵی کوردانی کازاخستان 'بەربانگ' بوو. هاوسەری ئاکادێمیک نادر نادیرۆڤ، گالینا ئامۆیونا پسپۆری زانستی کیمیا، یاریدەدەری پرۆفیسۆر و چالاکی بواری کۆمەڵایەتی خاوەنی سێ کوڕ بە ناوی باری، عارف و دیمیتری بوون کە هەر کامیان لە ئاستی بەرزی زانستی دان. باری: پزیشکی نەشتەگەریی دەماری مندا ڵا ن،

عارف: پسپۆری زانستی کیمیا، ئەندامی یاریدەدەری ئاکادێمی نەتەوەیی ئەندازیارانی کۆماری کازاخستان، کورە چکۆلەکەیان، دیمیتری: پسپۆری کۆمەڵناسیی. ڕێکخەری ناوداری بیمەی پزیشکی، لە ساڵی ٢٠٠٥ بەرگری لە بڕوانامەی ماستەری خۆی بە زمانی ئینگلیزی کرد. بە دەستپێشخەریی کۆمپانیای تەلەفزیۆنی 'خەبەر' چەندین فیلمی داکۆمێنتاریی (بەڵگەنامەیی) سەبارەت بە ژیانی ئاکادێمیکی نادر نادیرۆڤ بە ناوی 'هێڵی چارەنووس'، 'ئێل ئاغالاری' [Ел ағалары] و پێشتریش 'کوردێکی خۆراگر' بڵاوبۆتەوە. لە مانگی مای ٢٠١٣ بە بۆنەی یەکگرتوویی گەلی کازاخستان کۆمپانیای تەلەفزیۆنی ڕادیۆیی ' کازاخستان' فیلمێکی داکۆمێنتاریی سەبارەت بە 'نادر نادیرۆڤ' لە خولی 'کەسایەتی' سەبارەت بە ژیان و چالاکیی نادر نادیرۆڤ زانایەکی کوردی بە ناوبانگی کازاخستان بڵاو کردەوە. نادر کەریمۆڤیچ نادیرۆڤ زانای بە ناوبانگی کوردی کازاخستان لە تەمەنی ٨٩ ساڵیدا و لە ٢٤ی ئاگۆستی ٢٠٢١ لە نیشتمانی دووهەمی خۆی لە کازاخستان کۆچی دوایی کرد. ژیانی پڕ هەوارزونشیوی نادر نادیرۆڤ وانەی کۆڵنەدان و خۆراگریی و شانازیی بۆ گەلی کورد و کازاخە. کتێبی نادر کەریمۆڤیچ نادیرۆڤ لە ساڵی ٢٠١٣ بە سێ زمانی کازاخی، ڕووسی و ئینگیزی لە لایەن وەزارەتی پەروەردەی کۆماری کازاخستان بڵاوبۆتەوە. یەکێک لە نووسەرانی کتێبەکە ژوماگولوف ب. ت وەزیری پەروەردە و زانستی کۆماری کازاخستان، ئاکادێمیکی ئاکادێمیای نیشتمانیی زانستەکانی کۆماری کازاخستانە.

## سەرچاوەکان بە ڕووسی:

Надиров Надир Каримович, МИНИСТЕРСТВО ОБРАЗОВАНИЯ И НАУКИ РЕСПУБЛИКИ КАЗАХСТАН, Алматы, ٢٠١٣ г.. Биобиблиографический указатель / Сост.: Е.В. Солодова, А.В. Ширинских. Сост.-ред. А. Байгерим. Гл. ред. Б.Т. Жумагулов, академик НАН РК. Отв. ред. Р.О. Карибжанова, генеральный директор РГП «Ғылым ордасы». Библиогр. ред.: Т.В. Вдовухина, Г.И. Бельгибаева, Ш.Е. Кунанбаева. – Алматы: Научная библиотека РГП «Ғылым ордасы», ٣٩٢ – .٢٠١٣ с.: портр. [Серия «Биобиблиография ученых Казахстана»].

Скончался казахстанский ученый-химик, почетный нефтяник Надир Надиров, ٠١,٠٢,٢٠٢٢ https://ru.sputnik.kz/٢٠٢١٠٨٢٤/skonchalsya-pochetnyy-neftyanik-Nadir-Nadirov١٧٩٣٩٨٥٦-.html

Ученый, академик Надир Надиров скончался на -٩٠м году жизни ٢٦,٠٨,٢٠٢١ , https://kzvesti.kz/socium/٣٢٧٤٩-٣٢٧٤٩/

Учёный с большой буквы, ٢٧,٠٨,٢٠٢١, https://zhaikpress.kz/ru/news/uchenyj-s-bolshoj-bukvy/